

# ڕۆژهەڵاتێك پیرۆزبایی سەرۆك!



بەندیخانەی سنە ـ جەهانگیر غەفاری(ئاگرین)
Jahangir_ghafari@yahoo.com

**«گەردێ هەبوویا مە پادشاهەك**
**لائیق بدی یا خودی كولاهەك**
**تەعیین ببوویا ژبۆوی تەختەك**
**زاهر ڤەدبوو ژبۆ مەبەختەك»**

**ئەحمەدی خانی**

بەڕێز سەرۆك مەسعوود بازرانی خۆشەویست!

بە دووی ڕێبەندان و سەمای ئاڵا و «ئەی ڕەقیب» و ڕەشبەڵەكی كۆمار و گەل و مەهابادەوە، سەرۆكایەتیت بە سینگی شاخەكانەوە دەنووسمەوە، **ئەی هێمای دەركەوتنم!**

بە شۆڕشی ئەیلوول و دیرۆكی خەباتی بێ وچان و ئەلبۆمی سەرفرازیەوە یادت دەكەم و چركە ساتەكانم ئەبەخشم بە حزووری قارەمانانەت و بۆ شەهید و یادگارەكان، دیسانەوە باست دەكەمەوە، **ئەی دەنگی دلێری كورد!**

بە بڕیاری چاوە چاوەڕوانەكەی كەركووكەوە دەتلێمەوە و دلۆڤانیت، سیروان ... سیروان بۆ هەورامان ئەلێمە و شەماڵ ... شەماڵ بە ڕۆژئاوا و باكووراجاڕت ئەدەم، **ئەی پێشمەرگە!**

هەر بە تەنیا من ناڵێم، مێژوو دەڵێ، یار و نەیاریش دەڵێن، هەرگیز لە كارنامەی تێكۆشانتا هەڵویستێكی دژی گەلیت نەبووە، هەرگیز ... هەرگیز بڕوات بە پێكەنینی ئەهریمەنی داگیركەران نەبووە و ستایشی جەلادەكانت نەكردووە، **ئەی پەروەردەی قوتابخانەی ئەحمەدخانی!**

كاتێ دژی هاتنی سوپای تورك ڕاوەستای، كاتێ لە ئەنقەرە ـ مەڵبەندی ستەمكاری ـ بە بەرگری لە مافی ڕەوای كوردان، زیڕەت نا بە گۆڕی ئەتاتۆركەوە، كاتێ پشتیوانیت لە سەرۆك كۆماری مام جەلالی بەڕێز كرد، كاتێ كابینەت ناچار كرد دیسان سوێند بخۆنەوە، كاتێ ... كاتێ ... كاتێ ... **ئەی كوڵكە زێڕینەی حەزی كورد!**

ئێستا شادە ڕۆحی دلۆڤانی بارزانی نەمر و شادیشە ڕۆحی سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ئازادی نیشتمان، چونكە زیاتر لەوەی سەرۆكی پارت و پارچەیەك بیت، سەرۆكی نەتەوە و نیشتمانی، **ئەی پێشمەرگە بڕیارەكەی گەل!**

ئەگەر جاران وەفدی کوردی لە کۆریای باکوور ـ بەرێزەوە ـ راوئەنران، لە لیبیا جواب ئەکران، لە سۆڤیەت ڕادەستبە تاڵ دەهاتنەوە، لە عەرەبستان بە «انشاالله» یەك دەگەڕانەوە، لە واتیکان بە «دۆعایێکی خێر» بەرێ دەکران،* خۆ ئێستا کە ماڵە کوردم هەموو عالەم دەیناسێ و سەرۆك، دەنگی هەموومانە و چیتر پێویست بە هاتووچۆی کەرمیلین و ریاز نیە. **ئەی دڵسۆزی نیشتمانی بریندارم!**

چۆن سەرخۆش نەبم، ئەمرۆکە دەنگێك بەرەو جیهانگیری ـ م ئەبا و لە تەنیایی و بێدەنگی رزگارم دەکا، جاران بە شەهید و قوربانیەوە ـ جاروبار ـ ناویان ئەبیستین، ئێستا بە سەرۆك و دەوڵەتەوە دەمناسن، **ئەی سەرۆکی نەتەوەی تینووی ژیان و بێزار لە مەرگ پەرستی!**

ـ پیرۆز بێ تاجی پاشایەتی و میدالیای سەرۆکایەتیت ـ

چۆن سەرخۆش نەبم دوو هەڤالی دێرینی کوردستانم ـ مام جەلال و کاك مەسعوود ـ پشتیوانی یەکتر دەکەن و بە جارێك هەوڵی پاراستنی بەرژەوەندی کورد ئەدەن، **ئەی رێبەری نەتەوەکەم!**

ئیزنم دەیە، با وەکوو کوردێکی رۆژهەڵاتی لە پێناو سەربڵیندی نیشتمان و نەتەوەکەمدا چەند پێشنیارت پێشکەش بکەم:

## ١ـ دیمۆکراسی

بێ گومان یەکەم هەنگاوی بە دێموکرات کردنی وڵات لێکجیا کردنەوەی ئاین و سیاسەتە، دووەم هەنگاو وەشاندنی تووی دیمۆکراسیەت و دروستکردنی کولتووری دیمۆکراسی خوازیە، ئێستا زیاتر لە هەموو شتێك، کوردستان پێویستی بە کەش و هەوایەکی ـ زیاتر ـ دیموکراتی هەیە، بەردی بناغەی دیمۆکراسیش خوێندنەوەی سادیقانەی واقیع ـەکانی کۆمەڵگایە و باڵوێزانی دیمۆکراسیش هاووڵاتیانن، بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، قەبارەی دەسەڵاتی دەوڵەت دەبێ بچووك بکرێتەوە. ئاکوو دامەزراوە ناحوکمیەکان و میدیا و رۆژنامەکان ئاگادار و وشیاری بارودۆخەکە بن.

بێ شك دیمۆکراسی، نەیارانی راوئەنێ و پاك و ناپاك جوێ دەکاتەوە، بۆیە دەبێ ئازادی رادەبڕین، ئازادی تاك، ئازادی چالاکی بزاڤی ژنان و... بە رەسمیەت بناسرێ و ئیزن بە میدیاکان بدرێ، ناشەرعییەکان ئاشکرا بکەن، بێ ئەوەی بپرسن، فلانە تاوانبار، ئەندامی فلانە پارت و حیزبە!

ئیزن بدرێ بە رۆشنبیران، رۆژنامەوانان و... هتد کەرامەتی دیمۆکراسی بپارێزن و گەرای تەبایی و ئاشتی بوەشێنێن.

ئەگەر دیمۆکراسیەت دابەزی، یەکەم هەنگاومان بەرەو درووست کردنی هەویەتی نەتەوەیی هەڵگرتووە، ئەگەریش نەء، دیکە هەنگاوەکانمان بە ئیفلیجی دەرئەکەون.

## ٢ـ کەرکووك و...

گەڕانەوەی کەرکووك و دیکە ناوچە کوررنشینە هێشتا دوور لە هەرێمەکان، بە تەدبیر و شیاری و جیددیەتەوە بێنەوە سەر کوردستانی باشوور، ئەگینا دیکتاتۆریەتی ئایندەی عەرەبی دوور نیە داوای هەولێر و سلێمانیش

بکەن. فەراموش نەکەن، لە هەر حاڵدا، گەورەترین پشتیوانتان جەماوەری کوردستانە، ئێوە هەر ڕێگایەك بۆ گەڕانەوەی کەرکووك و... بۆ سەر هەرێم هەڵبژێردرێ، جەماوەریشتان لە پشتە، ئەوەشتان لە بیر بێ، فەوتانی زەمان لە قازانجی عەرەب دایە نەك کورد!

## ٣- زمان

زمان یەکێ لە فاکتەرە هێزمەندەکانی پێکهێنانی نەتەوەیە و سەرجەم بیرمەند و لێکۆڵیارانی بواری ناسیۆنالیزم جەخت لە سەر ئەو ڕاستییە دەکەن، بۆیە ئەمرۆ فەرزە لە سەر دەوڵەتی کوردی بە شێوەیەکی زانستیانە پرۆژەی دروستکردنی زمانی پەسەندکراو و یەکگرتووی کورد بەخێو بکات، زۆر جیددیتر بیر لە حەرەکەتێکی چالاکانە و قایم بۆ ئافراندنی زمانی یەکگرتوو بکرێتەوە، نەتەوەی چەند زمان، نەتەوەیەکی چەند هەویەتە و نەتەوەیەکی بێ زمان نەتەوەیەکی بێ هەویەت!

بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش بانگ کردنی پسپۆرانی بواری زمانەوانی هەنگاوێکی کاریگەرە و دابەزاندنی سیستمێکی پەروەردە و بارهێنان لە سەر بناغەی زمانی یەکگرتوو، یەکەم هەنگاوی پراکتیزە کردنی ئەو حەرەکەتە نەتەوەییەیە.

## ٤- رۆشنبیران

لە پەراوێزی فستیواڵی گەلاوێژی ئەمساڵدا لە سلێمانی، بووین بە میوانی مام جەلالی بەڕێز، ئەوان وتیان: **«ئێمە هەم نان ئەدەین بە ڕۆشنبیران و هەم ئازادی»** ئەم وتەیە زۆر بە نرخ و هێژایە، بەڵام تا دەروونی بوونەوەی لە ناو ڕێزەکانی دەسەڵاتدا کاتی دەوێ، قبوولبکەن، ڕۆشنبیران باڵوێزانی ئاشتی، پاکی، دیمۆکراسی و ئازادین، ئەگەر ئەو دوو خەمەیان نەبێ، هەرکامەیان ـ باڵەبازنەی حیزبیشدا بن ـ دەتوانن ئەندازیارێکی دڵسۆزی کۆمەڵگای مەدەنی بن.

ڕۆشنبیر گەندەڵیەکان جاڕ ئەدات و پلان بۆ شکۆمەندی کۆمەڵگا دائەڕێژێ، ئەز هیوادارم جەنابتان لە تەمتوومانی بازاری ڕامیاریدا ئەم خاڵە گرینگە فەراموش نەکەن، با ڕۆشنبیرانمان پێشمەرگەی ئەم

بارودۆخە بن. با ڕۆشنبیرانمان گەرەنتی سەرفەرازیمان بکەن، ئەگەریش پشتیوانی ڕۆشنبیرانی پارچەکانیتریش بکەن، ئەوە ئەرکێکی نەتەوەیتان ڕاپەراندووە، وەکچۆن کۆمار میوانداری شاهانەی

بارزانیەکانی کرد، وەکچۆن ڕۆژهەلات لە کۆڕەوەکاندا پشتیوانی باشووری کرد، با حیکایەتی سەفەری پڕ هەوراز و نشیوی ... ڕۆشنبیر و بەرخووردی دژی ئینسانی ... بەرپرسی دەزگای ... لە هەولێر دووپات نەبێتەوە، کە ئەگەر تەویلەکەی ڕەحیم لە حاجی عۆمران نەبایە لە سەرما و لە برسا دەمرد!!

هیوادارم ڕۆشنبیر و بازرگان و مامەلەچیان لە هیچ پارچەیەکی کوردستان لێ تێك نەچێ!!

## ٥- سەرمایەگوزاری

له جیهانی ئەمڕۆدا، سەرمایە وەك فاکتەرێکی بە هێزی دەوڵەتی سەرکەوتوو دەور ئەبینێ، کەس ستایشی هەژاری و برسیەتی و دواکەوتوویی و عەدالەتێك کە عەینی بێ عەدالەتیە ناکات. هەربۆیە دەوڵەمەند کردنەوەی کوردستان لە ڕێگای سەرمایەگوزاریەوە دەبێ وەکوو پرۆژەیەکی گرنگ چاوی لێ بکرێ و بۆ گەیشتن بەم مەبەستەش داوا لە هەموو سەرمایەداری کورد و بیانی بکرێ، تا لە کوردستان سەرمایەگوزاری بکەن و دەسەلاتی کوردیش تا دەکرێ ئاسانکاریان بۆ بکاتن.

## ٦. پیشەسازی

کوردستان نیشتمانێکی دەوڵەمەندە، زەمینەی سەنعەتی بوونی هەیە، بە خوێندنەوەیەکی خێرای ناوچەکەش، ئەهەمییەتی بە پیشەسازی کردنی کوردستانمان بۆ روون دەبێتەوە، بۆیە دەبێ لێژنەیەکی تایبەت بۆ ئەم پرۆژەیە دیاری بکرێ و بودجەی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و پرۆگرام ئاراستە کردنیان پێ تەرخان بکرێ. ئەگەر دەسەلاتی کوردی ئەمڕۆ بیر لەم خاڵە گرینگە نەکاتەوە دوو سبەی کوردستانیش دەبێتە ولاتێکی وەکوو ئیمارات یان کوێت بە جەماوەرێکی بەرخۆر ـ مصرف کننده ـ وە.

## ٧. توریسم/ گەشتیاری

کوردستان خاوەن سرووشتێکی رەنگامە و رازاوەیە، لە هەمان حالدا خاوەن شوێن و بیناگەلێکی تایبەتە کە دڕندانەترین کردەوەی دژی ئینسانی تێدا خولقاوە، بۆیە بۆ هێنانی خەلکی هەندەران ـ وەك توریست و گەریدە ـ پێویستە لێژنەیەکی تایبەت داین بکرێ تا بتوانن بە کەلك وەرگرتن لە میدیاکان و وەشاندنی کەتالۆگی جۆربەجۆر سەرمایە بەرەو کوردستان بێنن. رەونەق بە گەشتیاری بدەن.

## ٨. خۆشگوزەرانی

گەلی باشوور لە ئەنفال و کیمیاباران و کۆڕەوەکانەوە هاتووتەوە، ئێستا هەقی خۆیانە خۆشگوزەرانی بکەن و بە سەردەمی حەوانەوەیانەوە بژینەوە، بۆیە دەسەلاتی کوردی دەبێ بە هەموو هێز و تواناوە بیر لە خۆشگوزەرانی ئەو گەلە لە خەباتکار و ئازار دیتووە بکاتەوە.

**سەرۆکی هێژا!**

لە کۆتاییدا، رۆژهەلاتێك پیرۆزبایی ـ ت پێشکەش دەکەم و ئەستێرەبەندی شادومانیت بۆ ئەنێرم ـ هەژار موکریانی هەستە، ئاواتەکەت هاتە دی: **کورد، پاشایەکی هەیە!**

**٢٧٠٥/٣/٢١ی کوردی**

---

*وەفدی کوردی لە کۆتایی هەشتاکاندا بۆ چارەسەری کێشەی کورد پێکهات کە ئەندامەکانی بریتی بون لە: عسمەت شەریف وانلی، محەمەد ئەمین پێنجوێنی و...